# بەهای فەلسەفە

نووسینی : بێتراند راسڵ
وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە : یاسین قادر سەعید

بێتراند راسڵ (١٨٧٢-١٩٧٠) یەکێکە لەفەیلەسوفە هەرە گرنگەکانی سەدەی بیستەم، بەرهەمەکانی خەریکە هەموو بوارەکانی فەلسەفە لەخۆبگرێت،لە لۆجیك و فەلسەفەی ماتماتیکەوە(principa mathmatica)کەلەگەڵ ئەلفرێد وایتهێددا نوسیویەتی و لە (١٩١٠) بلاویکردوەتەوە تاوەکو فەلسەفەی ئاین(mysticism and why l am not Christian)و ئەتیك (science and ethics).

پابەند بوونی راسڵ بە هەڵێنجانی فەلسەفە لە ژیانی خۆیەوە، وایلێکرد قوتابخانەیەك دەربارەی فەلسەفەی رووناکبیریی دابمەزرێنێت وببێتە یەکێك لە پێشەواکانی بزوتنەوەی (BANH) THE ATOMBOMB (واتە بۆمبی ئەتۆمی قەدەغە بکەن) بێترس و راشکاوانەو ئازایانە لەسەر پرسە ئەخلاقی و سیاسیەکان قسە بکات،هەندێك جارێش بەهۆی ئەو هەڵوێستانەیەوە ژیانی خۆی خستووەتە مەترسیەوە.

لەم خوێندنەوەیەدا کە لە کۆتایی گوتارە دانسقەکەیەوە(THE PROBLEM OF PHILOSOPHY) (واتە کێشەکانی فەلسەفە-) لە(١٩١٢) دا بلاویکردوەتەوەو وەرگیراوە. لێرەدا راسڵ داکۆکی لەو دیدەیدەکات کە بەهای فەلسەفە لەتوانای بەرهەمهێنانی کالای مادیدا نییە(فەلسەفە نان پەیدا ناکات)یان لە گەیشتن بەئەنجامگیریەوە رەهاکانی پەیوەست بەسروشتی واقیع، بەڵکو لەو کاریگەریەدا کە فەلسەفە دەیکاتە سەرژیانی ئەو کەسانەی، بەشێوەیەکی جدی دەستدەدەنە خوێندنی ئەم بوارە .بەهای فەلسەفە لەو رامانەدایە کە لەمەر پرسیارە لێك نەبڕاو و بەردەوامەکانی ژیاندا دەیکەین



و ئاسۆی تێگەیشتنەکانمان فراواندەکات و دەمانگەیەنێتە کەنارەکانی ئازادبوونی رۆح، ئێستاش کاتێك دەگەینە کۆتایی پێداچونەوە کورت و زۆر تەواوونەکراوەکەی کێشەکانی فەلسەفە، شتێکی باش دەبێت،لەئەنجامگیریدا پرسەکانی وەك بەهای فەلسەفە چییەو بۆچی پێویستە بخوێنرێت رەچاو بکرێت؟؟.

زۆر پێویستیشە، بۆ رەچاوکردنی ئەم پرسیارە، لە گۆشە نیگای ئەم راستیەوە کە مرۆڤ،لەژێر کاریگەری زانست، یان پەیوەندیە پراکتیکیەکاندا، مەیلی ئەوەی هەیە، گومان بکات لەوەی ئاخۆ فەلسەفە شتێکي بێتاوان، بەلاَم بێکەڵك نییە، ئاخۆ وەك جیاکردنەوەی تالە مووەکانی هێلی قژداهێنان نییە،گفتۆو دەمەقاڵێ نییە دەربارەی ئەوەی کام یەك لە مەعریفەکانی ئاستەمە؟

بەشێکی ئەم روانگەیە لەبەهەڵە تێگەیشتنی ئامانجەکانی ژیاندا سەرچاوەی گرتوە، بەشەکەی تریش لەبەهەڵە تێگەیشتنی ئەو سوودانەیە کەفەلسەفە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات. زانستی فیکری لەرێگەی نێوەندەکانی داهێنانەوە سودێکی بێشوماریە کەسانێك دەگەیەنێت، کەبەهیچ شێوەیەك زانیاریان دەربارەی ئەو زانستە نییە، بەم شێوەیە دەبێت فێرخوازان رابسپێردرێن ئەو زانستە بخوێنن، نەك بەهۆی کاریگەریەی لەسەر فێرخوازان، بەڵکو لەسەر مرۆڤایەتی بەگشتی، بەمشێوەیە بەرژەوەندیخوازی ناچێتە خانەی فەلسەفەوە.

ئەگەر خوێندنی فەلسەفە هەر بەهایەکی، بێجگە لەفێرخوازەکانی هەبێت، ئەوا دەبێت تەنها بەهایەکی ناراستەوخۆی هەبێت، لەرێگەی ئەو کاریگەریانەی دەیکاتە سەر ژیانی ئەو کەسانەی دەیخوێنن، لەبەرئەوە لەهەر شوێنێکدا بێت، هەوڵی بەدیهێنانی بدرێت.

بەلاَم لەوەش زیاتر، ئەگەر ئێمە نەمانەوێت ئەو هەوڵەمان بۆ دیاریکردنی بەهای فەلسەفە شکست بخوات، پێویستە یەکەمین جار عەقلی خۆمان لەو حکومە پێشوەختە رزگار بکەین، لەو شتەی کەبەهەڵە بە "مرۆڤی پراکتیکی" ناوزەندەکەین. بەوشێوەیەی زۆربەی جار ئەم وشەیە بەکاردێت، "مرۆڤی پراکتیکی" ئەو کەسەیە تەنها پێویستە مادییەکانی دەناسێت، ئەو کەسەی کەدەزانێت پێویستە مرۆڤ خۆراکی بۆ جەستەی هەبێت، بەلاَم بێئاگایە لەپێویستی دابینکردنی خواردن بۆ ئەقڵی، ئەگەر بهاتبایە مرۆڤەکان هەموویان لەهەلومەرجێکی بژێوی باشدا بژیانایە و هەژاری لەکەمترین ئاستەکانیاندا بوایە، هێشتازۆر شتی تر ماوە بکرێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی بەنرخ بەرهەمبهێنرێت، هەتاوەکو لەجیهانی ئێستاشماندا بوایە، بەلایەنی کەمەوە سوودو چاکەکانی عەقڵ هێندەی سوود و جەستە گرنگە. تەنها و تەنهاش دەبێت بەهای فەلسەفە لەسودەکانی عەقڵدا بدۆزیتەوە و دەتوانرێت تەنها ئەو کەسانەی بێلایەنن بەرامبەر ئەو سودانە بگەیەنرێنە ئەو باوەرەی، خوێندنی فەلسەفە کات بەفیرۆدان نییە.

فەلسەفە وەك هەموو توێژینەوەکانی تر، ئامانجی سەرەکی بریتیە لەمەعریفە، ئەو مەعریفەیەی ئەم کردویەتیە ئامانجی خۆی، لەو جۆرە ئامانجانەیە یەکێتی و سیستم، بەجەستەی زانستەکان دەبەخشێت و لەپشکنینی رەخنەئامێزانەی بیروباوەرو حکومی پێشوەختانە و قەناعەتەکانماندا سەرچاوەی گرتوە، بەلاَم ناتوانرێت بگوترێت فەلسەفە لەهەوڵدانیدا بۆدەستەبەرکردنی وەلاَمی یەکلاکەرەوە بۆپرسیارەکانی هیچ سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێنابێت. ئەگەر لە کانزاناسێك (mineralogist) ، ماتماتیکناسێك، مێژوناسێك، یان لەهەر زانایەك بپرسیت، تائێستا چ کۆمەڵە راستیەکی یەکلاکەرەوە لەزانستەکەیدا سەلمێنراوە، ئەوا

تاتۆ حەزبکەیت گوێی لێبگریت، لیستی ئەو جۆرە راستیانە درێژە دەکێشێت، بەڵام ئەگەر هەمان پرسیار لەفەیلەسوفێك بکەیت، ئەگەر بەراستی فەیلەسوف و بێلایەن بێت، دەبێت دان بەوەدابنێت، توێژینەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەنجامگیری توێژنەوەکانی زانستەکانی تردا، ئامانجی پۆزەتیڤی بەدەستنهێناوە، ئەوە، راستە بەشێك لەهۆکارەکە ئەوەیە هەر کاتێك توانرا مەعریفەیەکی یەکلاکەرەوە، دەربارەی هەر بابەتێك بەدەستبهێنرێت، چیتر ئەو بابەتە ناتوانێت خۆی بەفەلسەفە ناوزەند بکات و دەبێتە زانستێکی سەربەخۆ، رۆژێك لەرۆژان سەراپای توێژینەوەکانی گەردوون، کەئێستا پەیوەستن بەگەردونناسیەوە، لەچوارچێوەی فەلسەفەدا دەخوێندران.

بەرهەمە مەزنەکانی نیوتن لەژێر ناوی ("the mathematical principles of natural philosophy") (واتە پرنسیپە ماتماتیکیەکانی فەلسەفەی سروشتی) بوو بەهەمانشێوە توێژینەوەی ئەقڵی مرۆڤ، کەبەشێك بوو لەفەلسەفە ئێستا، لەفەلسەفە جیابووەتەوە و بووەتە زانستی سایکۆلۆجی، بەمشێوەیە تارادەیەکی زۆر فەلسەفە لەراستی ئاشکراترە: ئەو پرسیارانەی کەماوەیەك لەمەوپێش وەڵامی یەکلاکەرەوەیان نییە، دەچنە خانەی توێژینەوە فەلسەفیەکانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە تەنها بەشێکە لەو راستیەی پەیوەستە بەنادڵنیایی فەلسەفەوە. چەندین پرسیار هەیە لەنێوانیاندا ئەو پرسیارانەی دەکەونە قوڵترین شوێنی بایەخپێدانی ژیانی روحیمانەوە، تاکو ئێستا وەك لێمان تێدەگەین، بێوەڵام دەمێنێتەوە، تاوەکو ئەوکاتەی مرۆڤ توانایەکی تەواو جیاوازتر لەوەی ئێستای پەیدا دەکات. ئایا گەردون هیچ نەخشە، یان پلانێکی یەکگرتووی هەیە، یان بریتیە لەکۆبونەوەیەکی رێکەوتانەی ئەتۆمەکان؟ ئایا هەستیاری بەشێکی هەمیشەیی گەردوون و هیوای گەشەکردنێکی بێسنوور بەدانایی مرۆڤ دەدات، یان روداوێکی کاتیە لەسەر هەسارەیەکی بچووکی وەها کەسەرئەنجام هەرئەبێت ژیان تیایدا ئەستەم بێت؟ ئایا چاکەو خراپە بەلای گەردوونەوە گرنگن، یان لای ئێمەی مرۆڤ گرنگن؟ ئەم جۆرە پرسیارانە لەلایەن فەلسەفەوە وروژێنراون و چەندین وەڵامی جیاوازیان لەلایەن چەندین فەیلەسوفی جیاوازەوە دراونەتەوە، بەڵام وادێتە بەرچاو، وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە ئاستەمبن، یان نا، ئەو وەڵامانەی فەلسەفە پێشنیاریان دەکات، هیچیان ناتوانن بکرێنە بەڵگە، بەڵام سەرەرای ئەوەی کەلەوانەیە هیوای دۆزینەوەی وەڵامێکی یەکلایکەرەوە زۆر کەم بێت، هێشتا ئەوە بەشێکە لەکاری فەلسەفە، کە بەردەوام بێت لەرەچاوکردنی بەو جۆرە پرسیارانە، بۆ ئەوەی وامانلێبکات ئاگاداربین لەسەنگ و گرنگیان، بۆ ئەوەی هەموو ئەو رێگایانە بشکێنین کەلەوانمان نزیکدەکەنەوە و ئەوبایەخپێدانە رامئامێزەمان دەربارەی ئەو گەردوونە بە زیندووی بهێڵێتەوە، کەلەرێگەی خۆ زیندانیکردنمان لەناو سنورەکانی مەعریفە تەواو یەکلاکراوەکانەوە، خەریکە بیکوژین.

راستە زۆربەی فەیلەسوفەکان تاکو ئێستا لەو باوەرەدان، فەلسەفە دەتوانێت راستی چەندین وەڵام بۆ ئەو جۆرە پرسیارە بنەرەتیانە دابرێژێت. ئەو فەیلەسوفانە لەو باوەرەدان، کەدەکرێت پرسە هەرە گرنگەکانی بیروباوەرە ئاینییەکان، لەرێگەی سەلماندنێکی پتەوەوە راستیەکانیان بسەلمێنرێن، بۆئەوەی ئەم جۆرە هەوڵانە هەڵسەنگێنین، پێویستە روپێوێکی مەعریفەی مرۆڤ بکەین و رایەك لەمەر میتۆدو سنووردارییەکەی پێکبهێنین، نەزانییە ئەگەر بەشێوەیەکی دۆگماتیکییانە رای خۆمان دەربارەی ئەم بابەتە راگەیەنین، بەڵام ئەگەر لێکۆڵینەوەی بەشەکانی پێشوویە چەواشەکردنی نەگەیاندبین، دەبێت دەستبەرداری هیوای زۆرینەی بەڵگەی فەلسەفی بیروباوەرە ئاینییەکان بین، لەبەرئەوە ئێمە ناتوانین وەك بەشێك لەبەهای فەلسەفە، هیچ جۆرە وەڵامێکی یەکلاکراوەی ئەو جۆرە پرسیارانە لەخۆبگرین، لێرەوە جارێکی تر نابێت بەهای فەلسەفە پشت بەهیچ جۆرە مەعریفەیەکی یەکلاکراوەی دڵنیاکراو ببەستێت، کەئەرکی بەدەستهێنانی بخرێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی دەیخوێنن.

لەراستیدا دەبێت بەشێوەیەکی سەرەکی لەناو ئەو نادڵنیابوونەی وەڵامەکانیاندا، بەدوای بەهای فەلسەفەدا بگەرێین، ئەو کەسەی تۆزێك فەلسەفەی نییە، لەگەشتی ژیاندا دەگوزەرێت و خۆی لەناو ئەو حکومە پێشینانەدا زیندانییکردوە کەلەناو کۆمەستدا (common sense). سەرچاوەیان وەرگرتوە، لەبیروباوەرە باوەکانی سەردەم و نەتەوەکەی و ئەوقەناعەتانەی بەبێ بەشداری رەزامەندی عەقڵە خاوەن مەبەستەکەی، لەگەڵیدا گەورەبوون، لەلای کەسێکی وەها جیهان زاندراو و یەکلاکراوە دێتە بەرچاو و شتەباوەکان هیچ پرسیارێکی لەلا ناوروژێنن و ئەگەرە ناباوەکان، بە رق و قێزەوە رەتدەکرێنەوە. هەر کەدەستماندایە فەلسەفەکردنی ژیان، بەپێچەوانەوە، هەروەك لەبەشە بەراییەکانی پێشووماندا، بۆماندەرکەوت هەتاوەکو شتە هەرە رۆژانەییەکانی ژیانمان بەرەو کێشەی وامان رکێفدەکەن، کەتەنها دەتوانرێت وەڵامی ناتەواو بدرێتەوە. سەرەرای ئەوەی فەلسەفە ناتوانێت پێمانبڵێت وەڵامی راستی ئەو پرسیارانە کامانەن، کەگومانەکانی خودی فەلسەفە تیایدا دروستکردوین، دەتوانێت ئەگەری وەها پێشنیار بکات، کەبیرەکانمان فراوان دەکەن و لەستەمکاری دابونەریت ئازادیاندەکەن. بەم شێوەیە، هەروەك چۆن کاتێك هەستە دڵنیاکانمان دەربارەی ماهیەتی شتەکان کاڵدەکەینەوە و لەجیاتی ئەوەی بڵێین شتەکان چین ئەو مەعریفەیەمان



لا فراواندەکات، کەبڵێین شتەکان لەوانەیە فلانە شت بن، لوتبەرزی ئەو کەسانە بەلاوە دەنێت، کەلەهەموو ژیانیاندا گەشتیان بۆناو ناوچەکانی ئازادکردنی گومان نەکردووەو لەرێگەی پیشاندانی شتەباوەکان، بەبەرگێکی ناباوەوە، هەستی رامانمان بەزیندویی دەهێڵێنەوە.

بێجگە لەسودی پیشاندانی ئەگەرە گومانلێنەکراوەکان، فەلسەفە بەهایەکی هەیە، لەوانەیە سەرەکیترین بەهاشی بێت، لەرێگەی مەزنی ئەو چەمکانەی لێیرادەمێنێت و ئازادبوون لەئامانجە بەرتەسك و کەسیانەی لەم رامانینەوە سەرچاوەدەگرن. ژیانی مرۆڤە غەریزییەکان، بەبازنەی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان، خێزان و لەوانەیە هاوڕێکانیشیان، بەڵام جیهانی دەرەوە تەنها ئەوە رەچاودەکەن، کەلەهاتنە ناوەوەیاندا بۆ ناو بازنەی ئارەزوە غەریزییەکانیان ئاخۆ تاچەند یاریدەدەر، یان رێگر دەبێت لەتێکردنی ئەو غەریزانەدا. لەم جۆرە ژیانەدا شتێك تایلێهاتوەو زیندانی کراوە. بەبەراورد لەگەڵ فەلسەفە، کەژیانێکی ئازاد و هێمنە.

جیهانی تایبەتی (private life) بەرژەوەندیە غەریزییەکان جیهانێکی بچووکە، کەوتووەتە ناوەندی جیهانێکی هێندە مەزن و بەهێزەوە کە ئەمڕۆبێت، یان سبەی، جیهانە تایبەتیەکانمان وێران دەکەن، هەتاوەکو بەرژەوەندیەکانمان فراونبکەین، کەسەراپای جیهانی دەرەوە بگرێتەوە، وەك خاڵێکی سەربازێك دەمێنێتەوە کەلەناو قەلایەکدایە و دوژمن چواردەورەی گرتوەو رێگەی هەلاتنی نادات، بدات هەردەبێت خۆی بەدەستەوە بزانێت. لەم جۆرە ژیانەدا پێداگرتنی بەردەوامی ئارەزوەکان و بێدەسەلاتی ئیرادە شتێك نییە ناوی ئاشتی و ئارامی بێت.

ئەگەر مەزنکردن و ئازادکردنی ژیانمان مەبەست بێت، دەبێت بەهەر شێوەیەك بێت، خۆمان لەو زیندان و دژوارییە دەربازبکەین.

یەکێك لەرێگاکانی ئەم دەربازبوونە بریتیە لەرامانی فەلسەفی. تێرامانی فەلسەفی، لەروانگە هەرە فراوانەکەیدا، گەردوون بەسەر دووکامپیدا دابەش ناکات (هاوڕێ و دوژمن) (هاریکاری و شەرانگێز، باش و خراپ) بەڵکو بەشێوەیەکی بێلایەنانە لەهەموویان دەڕوانێت.

کاتێك تێرامانی فەلسەفی بێگەرد بوو، هەوڵی ئەوە نادات بیسەلمێنێت، کەبەشەکانی تری گەردوون خزمی مرۆڤن. هەموو توێژینەوەیەکی مەعریفی بریتیە لەفراوانبوونێکی خودی مرۆڤ، بەڵام ئەم فراوبوونە، کاتێك باشترین شێوە بەدەستدێت، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بەدوایدا دەگەڕێن. کاتێك بەدەستدەهێنرێت کەئارەزووکردنی مەعریفە، تەنها خۆی لەگەردایە لەرێگەی توێژینەوەیەکەوە، کەپێش وەخت ناخوازرێت ئامانجەکانی فلان، یان فیسار کارەئەکتەریان هەبێت. ئەگەر ئێمە وەك خۆی سەیری خود بکەین، فراوانکردنی، خود لەوکاتانەدا بەدەستنایەت، کەهەوڵئەدەین واپیشانبدەین جیهان هاوشێوەی ئەو خودەیە، کەبەبێ رێگەدان بەو شتەی کەدێتە بەرچاو دەتوانرێت بناسرێت. ئارەزوی سەلماندنی ئەم شێوەیە لەخود سەلماندن، وەك هەموو خود سەلماندنێك، ئاستەنگ دەخاتە بەردەم ئەو گەشەکردنەی خود دەیەوێت، هەروەها لەبەردەم ئەو راستیەی کەخود خۆی دەزانێت خاوەن توانایە. خود سەلماندن، لەتێروانینی فەلسەفی و شوێنەکانی تریشدا، وەك ئامرازێك بۆ گشت مەبەستەکانی خۆی لەجیهان دەڕوانێت، بەم پێیە بەراورد لەگەڵ خوددا، بەچاوێکی کەمتر سەیری جیهان دەکات. خودیش مەزنبوونی سودەکانی خۆی سنوردار دەکات. بەپێچەوانەشەوە، لەرامانی فەلسەفیدا، ئێمە لەناخود (not self) ەوە دەستپێدەکەین و لەرێگەی مەزنبوونی ئەوەو، سنورەکانی خود فراواندەکەین، لەرێگەی بێسنووری گەردونەوە ئەو ئەقڵەی کەلێیرادەمێنێت، بەشێك لەو بێسنوریەی بەردەکەوێت.

لەبەرئەم هۆیە، مەزنی رۆح لەلایەن ئەو فەلسەفانەوە تەبەنی نەکراوە، کەگەردوون دەخزێننە ناو مرۆڤەوە.

مەعریفە شێوەیەکە لەیەکێتی نێوان خود و ناخود، هەر یەکێتیەکیش دەسەلاتێك لاوازیکردوەو، لەبەرئەوە هەر هەولدانێك بۆ زۆرلێکردنی گەردوون، بەمەبەستی هاوتاکردنی لەگەڵ ئەو شتانەی خودی خۆمان بەدیدەکەین، لەگەڵ ئەو شتانەی لەخودی خۆماندا بەدیدەکەین، ئەو یەکێتیە لاواز دەکات، مەیلێکی فەلسەفی بەربلاو دەربارەی ئەو روانگەیە کەلەئارادایە، کەپێیوایە مرۆڤ پێوەدانگی هەمووشتەکانە، کەراستی دەستکردنی مرۆڤەو بۆشایی و زەمەن و جیهان بەرهەمی ئەقڵ و هیچ شتێکیش لەلایەن عەقڵەوە بەرهەمنەهێنرابێت، مرۆڤ پێی ئاشنا نییەو بەئێمە لێکنادرێتەوە. ئەگەر هاتوو تاوتوێکانی پێشوومان راست بێ، ئەم روانگەیە راستنییە، بەڵام ئەوەشی لەسەر



بێت، بێجگە لەناڕاستیەکەی، کاریگەری ڕونکردنەوەی ڕامانە فەلسەفیەکان هەیە، لەهەموو ئەوشتانەی بەهای پێدەبەخشن، چونکە ڕامانەکانمان پابەندی خود دەکات. ئەوەی ئەو مەعریفەیە ناوزەندی دەکات، یەکێتییەك نییە لەگەڵ ناخوددا، بەڵام کۆمەڵە حکومێکی پێشوەختانەو ئارەزو و خوەکانمانن، کە پەردەیەکی ئاسنی لەنێوان ئێمەو جیهانی ئەودیودا دروستدەکەن، ئەو کەسەی چێژ لەو تیۆرەی مەعریفە وەردەگرێت، لەپیاوێك دەچێت، کەسنوری بازنەی ژیانی ناو ماڵ و منداڵەکەی بەجێناهێڵێت، لەترسی ئەوەی نەبا کەسانێکی تر لەدەرەوە وەك منداڵەکانی خۆی گوێڕایەڵی نەکەن.

بەپێچەوانەوە، ڕامانی فەلسەفی ڕاستەقینە، لەگەڵ هەموو فراوانکردنێکی ناخوددا شادمان دەبێت، خۆشحاڵدەبێت بەهەرشتێك کە بابەتە تێرامانکراوەکانی گەورەتر بکات، بەم پێیە هەرشتێك ببێتە مایەی مەزنکردنی کەسی بیرکەرەوە. لەراماندا، هەموو ئەوشتانەی کەسی و تایبەتن، هەموو ئەوشتانە پشت بەخود و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان، یان ئارەزوەکان دەبەستن، بابەتی ڕامانەکە دەشێوێنن و لێرەوە ئەو یەکێتیەی لاواز دەکەن، کە هۆشیاری هەولبەدەستهێنانیدەدات. بەم شێوەیە ڕێگری لەنێوان خود و ناخوددا دروستدەبێت، ئەم جۆرە شتە کەسی و تایبەتیانە، دەبنە زیندانێك بۆ هۆشیاری مرۆڤ. هۆشیاری ئازاد چۆن خوا لەوانەیە بەشێوەیەکی دیاریکراو ببینێت، ئەویش وەك ئەو دەبینێت، بەبێ ئێرەو ئێستا، بەبێ هیواو ترسەکان، بەبێ کۆتەکانی بیروباوەڕو نەریت و حکومە پێش وەختە باوەکان، بەهێمنی و بەباخوازرانە ئارەزوویەکی تەنها و تەنها تایبەت بەمەعریفە و بێگەردو بێمەرامی تایبەتیەوە، بەهەرشێوازێك بشێت بۆ مرۆڤ، هەوڵی بەدەستهێنانی مەعریفە دەدات. لێرەوە، بەهەمان شێوە، هۆشیاری ئازاد زیاتر ئەو مەعریفە ئەبسترەکت و گەردوونیانە هەڵدەسەنگێنێت بۆ ناو ئەو شوێنەی ڕوداوەکانی مێژووی تایبەتیمان ناچێتە ناوی، بەبەراورد لەگەڵ ئەو جۆرە مەعریفانەی کەلەرێگەی هەستەکانمانەوە هێنراون و سەربەخۆ نین، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە مەعریفانە لەسەر بنەمای گۆشەنیگای کەسی و جەستەییەك کەلەرێگەی ئۆرگانەکانی هەستکردنەوە دروستبووە و دامەزراوە، هێندە ڕاستیەکان دەشێوێنێت و پەردە لەسەریان لانادات و ئەو ئەقڵەی خۆی لەسەر ئازادی و ڕامانی فەلسەفی ڕاهێناوە، هەمان ئازادی و بێلایەنی لەجیهانی کردراو و سۆزداریدا دەپارێزێت. وەك بەشێك لەسەرتاپا لەئامانج و ئارەزووەکانی دەنوارێت، بەهۆی بزربوونی ئەو ناچارییەی کەسەرئەنجام بیبینیان وەك ئەو پارچە بچووکە زۆر وردانەی ناو جیهانێك، کەهەموو ئەوانەی تر لەلایەن کردەوەکانی هیچ تاکە کەسێکەوە کاریتێناکرێت، ئەو بێلایەنییەی کەلە ڕاماندایە، ئارەزووکردنێکی بێخەوشانەی ڕاستییە، لەهەمان چۆنایەتی عەقڵ پێکهاتووە، کەلەکرداردا دادپەروەرەو لەسۆزدا ئەو خۆشەویستییە گەردوونییەیە، کەدەکرێت تەنها بەو شتانە نەبەخشرێت، کەوەك بەسوود و شایستە بڕیارمان لەسەر داون، بەڵکو بەهەمووان بەم شێوەیە ڕامانە، نەك تەنها ئامانجەکانی هزرمان فراواندەکات، بەڵکو ئامانجەکانی کردەوەو سۆزەکانیشمان، دەمانکاتە هاووڵاتیانی گەردوون، نەك هاووڵاتیانی یەك وڵاتی دیواربۆکراوی بەشەرهاتوو، لەگەڵ هەموو ئەوانی تردا. لەم بەهاووڵاتیبوونە گەردوونییەدا، ئازادیی ڕاستەقینەی مرۆڤ و دەربازبوونی لە کۆتی هیواو ترسەکان پێکدێت.

بەم شێوە، بۆئەوەی تاوتوێکەمان لەمەر بەهای فەلسەفە پوخت بکەینەوە: دەبێت فەلسەفە لەپێناو وەڵامدانەوەی یەکلاکەرانەوەی هیچ یەکێك لەو پرسیارانەدا نەکۆڵرێتەوە، کەخۆی وروژاندنی، چونکە وەك ڕێسایەك ، ناتوانرێت هیچ یەکێك لەو وەڵامە یەکلاکەرانەوە بەراست دابنرێت، بەڵکو لەپێناو خودی پرسیارەکان خۆیاندا، چونکە ئەو پرسیارانە ئاسۆی تێگەیشتنمان بەرامبەر شتەشیاوەکان فراواندەکەن، وێناکردنی هۆشیاریمان دەوڵەمەنددەکەن و ئەو دڵنیابوونە دۆگماتیکییەمان دەرەوێنێتەوە، کەچاوی عەقڵمان کوێردەکات، بەڵام لەهەموو گرنگتر، لەبەرئەوەی لەرێگەی مەزنی ئەو گەردوونەی فەلسەفەی لێی ڕامێنێت، عەقڵیش مەزن دەبێت و وایلێدێت بتوانێت ئەو یەکێتییە، لەگەڵ ئەو گەردوونەدا دروستبکاتو باڵاترین سوودی ئەو پێکبهێنێت.


**سەرچاوە:**

The problems of philosophy Russell (oxford University Press( 1912